دوای ئۆی دەستدرێژی کردە سەر 200 کچ و ژن پیاوێک لە ئێران سزای لەسێدارەی بەسەر جێبەجێکرا

دوای ئۆی دەستدرێژی کردە سەر 200 کچ و ژن پیاوێک لە ئێران لەسێدارە درا.

ئەمە 12ـی تشرینی دووەمی 2024، دەسەڵاتی دادوەریی پارێزگای هەمەدان لە ئێران رایگەیاند، سزای لەسێدارەدان بەسەر ئەو کەسە جێبەجێکرا، کە دەستدرێژیی کردبووە سەر زیاتر لە 200 ژن.

ئاماژەی بۆشکرد، تاوانبارەکە ناوی "مەحەممەد عەلی سەلامەت" کە بەتەمەتی دەستدرێژیکردنەسەر زیاتر لە 200 ژن ئەو سزای بە سەردا سەپا بوو و دوایی جێبەجێ کرا.

جێی ئاماژەیە، ئەو تاوانبارە زیاتر لە ساڵەکە دەستگیر کراوە، لە ساڵانی رابردوو زیاتر لە 200 ژن و کچی بە بیانووی هاوسەرگیری هەڵخەڵەتاندووە و دەستدرێژی کردووتە سەریان، هاوکات پاش لێکۆڵینەوە لە هەموو دەسیەکان، لە مانگی تەموزی ئەم ساڵ تەمەتەکانی پشتڕاستکرانەوە و دەسیەکەی ڕەوانەی دادگەی شۆڕشی پارێزگای هەمەدان کرا و ئەمە سزای لەسێدارەدانی جێبەجێکرا، بگوترێی بەاوکراوەیەکی لە دەسەڵاتی ئێران.